عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- ئاژەڵێکی بۆ هێندرا بۆئەوەی سواری بێت؛ کاتێک سواری بوو وپێی خستە نێو ڕکێبی ئاژەڵەکە، ووتی: (بسم الله)

لە عەلی کوڕی ڕەبیعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- ئاژەڵێکی بۆ هێندرا بۆئەوەی سواری بێت، کاتێک سواری بوو وپێی خستە نێو ڕکێبی ئاژەڵەکە؛ ووتی: (بسم الله) (واتە: بەناوی خودا)، کاتێک چووە سەر پشتی؛ ووتی: (الحمد لله الذي سخر لنا هذا وما كنا له مُقْرِنين، وإنا إلى ربنا لمنقلبون)*، پاشان ووتی: (الحمد لله) سێ جار، پاشان ووتی: الله أكبر، سێ جار، پاشان ووتی: (سبحانك إني ظلمت نفسي فاغفر لي إنه لا يغفر الذنوب إلا أنت)**، پاشان پێکەنی، پێی ووترا: ئەی پێشەوای ئیمانداران بەهۆی چیەوە پێدەکەنی؟ ووتی: پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- ئەمە ئەنجامدا هەروەکو چۆن من ئەنجامم دا پاشان پێکەنی، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، بۆچی پێکەنیت؟ فەرمووی: «پەروەردگارت لە بەندەکەی ڕازی دەبێت وپێی سەیر دەبێت، ئەگەر بڵێت: (اغفر لي ذنوبي)^، دەزانێت جگە لە من کەس لە تاوانەکان خۆش نابێت». *(واتە: حەمد وسوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئاسانی کرد بۆ ئێمە کە ئەمە بەکاربهێنین؛ ئەگەر خودا بۆمانی ئاسان نەکردایە نەماندەتوانی بەکاربهێنین، وئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە)، **(واتە: پاکی وبێگەری تۆ خودا، من ستەمم لە نەفسی خۆم کرد، لێم خۆش بە، تەنها تۆ لە تاوان وگوناهەکان خۆش دەبیت)، ^(واتە: لە تاوانەکانم خۆش بە

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لە عەلی کوڕی ڕەبیعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە لە گەورە پیاوچاکانی تابیعینە دەڵێت: سەیرم کرد عەلی کوڕی ئەبی تاڵب -ڕەزای خوای لێبێت- ئاژەڵەکەی بۆ هێندرا، بۆئەوەی سواری بێت، کاتێک سواری بوو وپێی خستە نێو ڕکێبی ئاژەڵەکە؛ ووتی: (بسم الله) (واتە: بەناوی خودا) واتا بەناوی خودا دەچمە سەر پشتی ئەم ئاژەڵەوە بۆ دەستپێکردنی سەفەرەکەم، کاتێک چووە سەر پشتی؛ ووتی: (الحمد لله: حەمدوسوپاس بۆ خودا): لەسەر بەخشینی ئەم نیعمەتە مەزنە بە ئێمە، ئەم ئاژەڵە دڕندەیە کە بە ئاسانی هێور نابێتەوە؛ بە ئاسانی گوێ بۆ فەرمانەکانی ئێمە دەگرێت بۆ ئەوەی سواری پشتی ببین وسەفەرەکەمانی پێ ئەنجامبدەین. (الذي سخر لنا هذا وما كنا له مُقْرِنين، وإنا إلى ربنا لمنقلبون: ئەو خودایەی کە ئاسانی کرد بۆ ئێمە کە ئەمە بەکاربهێنین؛ ئەگەر خودا بۆمانی ئاسان نەکردایە نەماندەتوانی بەکاربهێنین): واتا ئەم سواریەی بۆمان زەلیل کرد ونەمادەتوانی بەم شێوەیە بەکاربهێنین. (وإنا إلى ربنا لمنقلبون:وئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە)، پاشان ستایشی خودای کرد وفەرمووی: (الحمد لله) سێ جار، حەمد وسوپاسکردنێکی بێ سنوور وئەم دووبارە کردنەوەیە بۆ هەستکردنە بە مەزنێتی خوای گەورە وبەندە ناتوانێت وەکو پێویست حەمد وسوپاسی خودا بکات وڕێز وپلەپایەی بزانێت بۆیە پێویستە بە ئەوپەڕی توانای هەوڵی پەرستنی بدات. پاشان فەرمووی: (الله أكبر)، سێ جار، ودووبارە کردنەوە بۆ دانپێدانانە بە مەزنێتی خودا، پاشان ووتی: (سبحانك:پاکی وبێگەری تۆ خودا): واتا بە بێ سنوور تۆ بە پیرۆز ومەزن دادەنێم. (إني ظلمت نفسي:من ستەمم لە نەفسی خۆم کرد): ئەمیش بەهۆی ئەوەی نەمتوانی وەکو پێویست مافەکانی تۆ لەسەرم جێبەجێ بکەم؛ لە سوپاسکردنی نیعمەتە مەزنەکان بەهۆی بێئاگا بوونم لە یادکردنت. (فاغفر لي:لێم خۆش بە): واتا تاوانەکانم بپۆشە و بەهۆیانەوە سزام مەدە. (إنه لا يغفر الذنوب إلا أنت:تەنها تۆ لە تاوان وگوناهەکان خۆش دەبیت): ئەمیش ئاماژە کردنە بۆ کەموکورتی بەندە سەرەڕای زۆری بەخیشنەکانی خوای گەورە. (پاشان پێکەنی، پێی ووترا): لە چاپێکی سەحیحی -الشمائل- ئیبن ڕەبیعە دەڵێت: ووتم: (ئەی پێشەوای ئیمانداران بەهۆی چیەوە پێدەکەنی؟): چونکە هۆکاری پێکەنینەکەی دیار نەبوو بۆیە پرسیاری لێکرد وپێشتر بانگی کرد وپاشان پرسیاری لێکرد ئەمیش بۆ ڕەچاوکردنی

ئادابی گفتوگۆکردن. (ووتی: پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- ئەمە ئەنجامدا هەروەکو چۆن من ئەنجامم دا): واتا بەهەمان شێوە سواری پشتی ئاژەڵەکەی بوو. (پاشان پێکەنی، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، بۆچی پێکەنیت؟ فەرمووی: پەروەردگارت لە بەندەکەی ڕازی دەبێت وپێی سەیر دەبێت، ئەگەر بڵێت: اغفر لي ذنوبي^،دەزانێت جگە (لە من کەس لە تاوانەکان خۆش نابێت): واتا بە زانینەوە ئەم زیکرە بڵێت. ^(واتە: لە تاوانەکانم خۆش بە

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5271